DOI: https://doi.org/10.54809/jkss.vi10.29

گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی

Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# شیکردنەوەی جوگرافیایی بۆ ئاماژەکانی جوڵەی گەشتیاریی و گیروگرفتەکانی لە پارێزگای سلێمانی لە نێوان ساڵانی ٢٠١٣-٢٠١٩

**پ.ی.د.شیروان عمر رشید**

Shirwan.rashid@univsul.edu.iq

**بەشی جوگرافیا/ کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان/زانکۆی سلێمانی/ هەرێمی کوردستان-عێراق**

**پوختە**

ئامانج لەم توێژینەوەیە (شیکردنەوەی جوگرافیایی بۆ ئاماژەکانی جوڵەی گەشتیاریی و گیروگرفتەکانی لە پارێزگای سلێمانی لەنێوان ساڵانی ٢٠١٣-٢٠١٩)، دەرخستن و شیکردنەوەی جووڵەی گەشتیاریی و ئاماژەکانیەتی لەسەر ئاستی پارێزگای سلێمانی دا، هەروەها خستنەڕووی ئەو کێشە و گیروگرفتانەیە کە ڕووبەڕووی گەشتیار دەبنەوە. بۆ گەیشتن بە ئامانجی توێژینەوەکە، میتودەکانی وەسفیی و شیکاریی و تاقیکاریی بەکارهاتووە، لە ڕێگەی وەرگرتنی ژمارەی گەشتیاران لە ماوەی ٢٠١٣-٢٠١٩ و خستنەڕووی ئەنجامی ٥٢٥ فۆرمی ڕاپرسیی، کە بەشێوەی ڕاستەوخۆ و ئەلیکترۆنیی بووە بۆ ماوەی ٤ مانگ، پاشان شیکردنەوەی زانیارییەکان بە شێوەی خشتە و شێوە. توێژینەوەکە گەیشتووە بە کۆمەڵێك دەرئەنجام، کە ژمارەی گەشتیاران بەردەوام لە هەڵکشاندابووە، کە بارودۆخی سیاسیی و ئابووریی و دارایی جێگیربووە و، گۆڕانکاریی بەرچاو لە ئاماژەکانی جووڵەی گەشتیاریی و بەکارهێنانی خزمەتگوزارییە گەشتوگوزارییەکاندا ڕوویانداوە، بە جۆرێك لەساڵی ٢٠١٣ ژمارەی گەشتیاران بە ڕێژەی (١٨,٨٤٪) زیادیکردووە، بەڵام لە ساڵانی ٢٠١٤ بە ڕێژەی (-٢٥,٠٢٪)و ٢٠١٥ بە ڕێژەی (-٥٦,٠٧٪) دابەزییوە» بەهۆی سەرهەڵدان و پەلامارەکانی داعش و کێشەی داراییەوە. لە کۆتاییدا، چەندین پێشنیار بۆ چارەسەرکردنی کێشە و گیروگرفتی خزمەتگوزاریی گەشتیاریی و باشترکردنی جووڵەی گەشتیاریی لە پارێزگاکەدا خراوەتەڕوو. کە دەبنە هۆی زۆربوونی ژمارەی گەشتیاران و پەرەپێدان و پێشکەوتنی کەرتی گەشتیاریی لە پارێزگاکەدا.

**کلیلە وشەکان / گەشتیار، جووڵەی گەشتیاریی، گیروگرفتی گەشتیاریی، ، خزمەتگوزاریی گەشتیاریی، پارێزگای سلێمانی.**

Recieved: 20/9/2021
Accepted: 4/10/2021



E-ISSN: 2790525-X
P-ISSN: 27905268

## پێشەکیی:

ئـەو پێشـکەوتن و گۆڕانکارییـە تەکنەلوژیایـی و ئابووریـی و کۆمەڵایەتیـی و رۆشـنبیریانەی لـە جیهانـدا روویانـداوە، بەشـێوەیەکی راسـتەوخۆ و ناڕاسـتەوخۆ یارمەتیدەربـوون بـۆ پێشـکەوتن و خێـرا بڵاوبوونـەوەی جموجووڵـی گەشـتوگوزاریی، لـە ئەنجامـی باشـبوونی ژێرخـان و سـەرخانی ئابووریـی و دامـەزراوە خزمەتگوزارییـە گەشـتیارییەکان و، زۆربوونـی ژمـارەی دانیشـتوان و جەنجاڵیـی و هۆکارەکانـی گواسـتنەوە و پەیوەندییـەکان و ....هتـد، لـە رووی چۆنیەتیـی و چەندایەتییـەوە کاریگەریـی گەورەیـان لەسـەر پێشـکەوتنی گەشـتوگوزار و جۆرەکانـی هەبـووە.

ناوچـەی لێکۆڵینـەوەش، لـە دوای سـاڵی ٢٠٠٧ بـەدواوە ژمـارەی گەشـتیاران سـاڵ لـە دوای سـاڵ بـەرەو هەڵکشـان چـووە و گۆڕانکاریـی بەرچـاو لـە خزمەتگوزارییەکانـدا روویـداوە، چ لـە ژێرخانـی ئابووریـی یـان سـەرخانی ئابووریـی گەشـتیاریی، بـەڵام بەهـۆی هەبوونـی چەندیـن کێشـە وگرفتـی ئابووریـی و سیاسـیی و سـەربازیی و تیـرۆر و خراپیـی خزمەتگوزاریـی و ...هتـد، کاریگەریـی نەرێنیی راستەوخۆی لەسـەر جووڵـەی گەشـتیار لـە پارێزگاکەدا درووسـتکردووە، کـە لـەم توێژینەوەیـەدا هەوڵدەدەیـن بیخەینـەڕوو.

گرنگـی ئـەم توێژینەوەیـە لەوەدایـە کـە بەشـێوەیەکی پراکتیکیـی تیشـکخراوەتە سـەر بەشـێك لـەو کێشـانەی رووبـەڕووی جووڵـە گەشـتیاریی بۆتـەوە لـە ناوچـەی لێکۆڵینـەوە.

## ئامانجی توێژینەوە :

دەرخستنی جووڵەی گەشتیاران بە پێی ساڵەکان لە رووی چەندایەتیی و چۆنایەتییەوە.

شیکردنەوە و بەراوردی ئاماژەکانی جووڵەی گەشتیاریی .

شیکردنەوەی کێشە و گرفتەکانی بەردەم جووڵەی گەشتیاریی و خستنەرووی چارەسەرەکان.

## کێشەی توێژینەوە:

جیـاوازی لـە جووڵـەی گەشـتیاریی لەناوچـەی لێکۆڵینـەوە، لەسـاڵێکەوە بـۆ سـاڵێکی تـری دەگەڕێتـەوە بـۆ کێشـە ئابووریـی و سیاسـیی و سـەربازییەکان، ئاماژەکانـی بەکارهێنانـی خزمەتگوزارییـە گەشـتیارییەکان کـە وایکـردووە جووڵـەی گەشـتیاریی بـۆ ناوچـەی لێکۆڵینەوەکـە بـەردەوام لـە گۆڕانکارییـدا بێـت.

## گریمانەی توێژینەوە:

جووڵەی گەشتیاریی لە ناوچەی لێکۆڵینەوەکە هەڵکشان و داشکانی بە خۆیەوە دەبینێت؟

کێشە سیاسیی و ئابووریی و سەربازییەکان کاریگەرییان لەسەر جووڵەی گەشتیاریی هەیە؟

ئاماژەکانی بەکارهێنانی خزمەتگوزارییەکان و بەکارهێنانیان بەپێی ساڵەکان دەگۆڕێت؟

## میتۆد و پلانی توێژینەوە:

بۆ گەیشتن بە ئامانجی لێکۆڵینەوەکە پشت بە میتودی وەسفیی و شیکاریی و تاقیکاریی بەستراوە بۆ ناساندنی ناوچەی لێکۆڵینیەوە و شیکردنەوەی داتاکان و پاشان ئەنجامدانی راپرسیی و خستنەڕوو دەرئەنجامەکان لە شێوەی خشتە و شێوە.

توێژینەوەکە لە سێ تەوەرە پێکهاتوە، کە تایبەتکراوە بە ناساندنی ناوچەی لێکۆڵینەوەکە و تەوەری دووەم بۆ ئاماژەکانی جووڵەی گەشتیاریی و بەکارهێنانی خزمەتگوزارییەکان و تەوەرەی سێیەم تایبەتکراوە بە کێشە و گرفتەکانی بەردەم جووڵەی گەشتاریی و، شیکردنەوەی فۆرمی راپرسیی پاشان بە چەند دەرئەنجام و پێشنیارێك کۆتاییهاتووە.


## تەوەرەی یەکەم: ناساندنی ناوچەی لێکۆڵینەوە:

شوێن گرنگیی و کاریگەری بەرچاوی لە زانستیی جوگرافیادا هەیە، لەبەرئەوەی دیاریکردنی شوێنی ئەسترۆنۆمیی وجوگرافیی و کارگێریی هەر شار و ناوچە و هەرێم و دەوڵەتێك بایەخی تایبەتیی خۆی هەیە، چونکە لەئەنجامدا کاردەکاتە سەر تەواوی ڕەگەزە جوگرافیایە سروشتیی و مرۆیی و ئابوورییەکانی ناوچەکە، شوێنی جوگرافیایی هەر ناوچەیەك بایەخی گەشتیاریی ئەو ناوچەیە دیاریدەکات، نزیکی ئەو ناوچەیە لە رێڕەوی گەشتیاریی لەسەر ئاستی ناوخۆیی و هەرێمی و نێودەوڵەتیی، یان لەناوچەی داواکاری گەشتیاریی دەبێتە فاکتەری راکێشانی گەشتوگوزار، یان بە پێچەوانەوە شوێنی پەراوێزخراو لەبایەخی گەشتیاریی ئەو ناوچەیە کەم دەکاتەوە.


شوێنی جوگرافیایی، بەتایبەتی هەڵکەوتن بە پێی بازنەکانی پانیی، وەك تایبەمەندێتی رەگەزەکانی ئاووهەوا و، جۆری رووەکی سروشتیی و ئاژەڵی کێویی و، جۆری خاکەکەی لەلایەك و چالاکییە ئابووریی و کۆمەڵایەتیی و چۆنیەتی دابەشبوونی دانیشتوان لەلایەکی ترەوە، بە هۆکارێکی کاریگەر لەدیاریکردنی رواڵەتە سروشتیی و مرۆییەکان دادەنرێت، کە لەو ناوچەیەدا هەیە، دواجار دەتوانیین ئەو ناوچە گەشتوگوزارییانە دەستنیشان بکەین، کە توانای راکێشانی گەشتیارانی هەیە، لەگەڵ ئەو ناوچانەی دەبنە شوێنی داواکاریی لەسەر گەشتوگوزار، لەگەڵ دەستنیشانکردنی کاتی گونجاو بۆ چالاکییە گەشتوگوزارییەکان و، جۆر و شێوازەکانی گواستنەوە، هەریەکە بەپێی ئارەزوو مەبەستی گەشتیاران.(رشید،٢٠١١، ل٣٧-٣٨)

سەبارەت بە ناوچەی لێکۆڵینەوە، دەکەوێتە خۆرهەڵاتی هەرێمی کوردستان و باکوری خۆرهەڵاتی عێراق، لە خۆرهەڵات و باکوری خۆرهەڵات کۆماری ئیسلامیی ئێرانە، کە درێژی سنوورەکەی دەگاتە نزیکەی ٣٤١ کم بەمەش رێژەی لە ٢٠,٩٣٪ کۆی گشتیی سنووری هاوبەشی عێراق- ئێران ی پێکهێناوە کە ١٣١٥کم (علاءالدین، ٢٠١٢،ص٢). لە بەشی باکوور و باکووری خۆرئاوای پارێزگای هەولێرە(پایتەختی هەرێمی کوردستان) کە درێژی سنورەکەی لەگەڵ ناوچەی لێکۆڵینەوەکە دەگاتە نزیکەی ١٨٩کم، لەبەشی خۆرئاوا پارێزگای کەرکووکە بە درێژای١٢٥ کم، لە بەشی باشوور ئیدارەی گەرمیانە کە درێژی سنووری نێوانیان نزیکەی (٢٦١کم) پێکهێناوە و، لەباشوور و باشووری خۆرهەڵات پارێزگای هەڵەبجەیە کە سنووری نێوانیان

دەگاتە نزیکەی (٨٠)کم. نەخشەی (١)، خشتەی (١).




سەبارەت بە شوێنی ئەسترۆنۆمیی، ناوچەی لێکۆڵینەوەکە دەکەوێتە نێوان بازنەی پانیی (=٣٣-٥٣٤٥٦ - =٢١: -٥٣٦:٢٩) باکوور و هێڵەکانی درێژیی (=٣٧- ٣١ ٥٤٤ -=٢٤- ٢٠ ٥٤٦) خۆرهەڵات. نەخشەی(٢).




نەخشەی (١) شوێنی جوگرافیایی پارێزگای سلێمانی بە گوێرەی هەرێمی کوردستان و عێراق

سەرچاوە : کاری توێژەر پشتبەست بە:١. بەڕێوبەرایەتی ئاماری پارێزگای سلێمانی، بەشی GIS، زانیاریی بڵاونەکراوە، ٢٠٢٠.

خشتەی(١) درێژیی سنووری پارێزگای سلێمانی و ڕێژەی سەدیی

| سنوور | درێژیی بە کم | ڕێژەی ٪ |
|---|---|---|
| پارێزگای سلێمانی- ئێران | ٣٤١ | ٪٣٤,٢٤ |
| پارێزگای سلێمانی- هەولێر | ١٨٩ | ٪١٨,٩٨ |
| پارێزگای سلێمانی- کەرکوک | ١٢٥ | ٪١٢,٥٥ |
| پارێزگای سلێمانی- هەڵەبجە | ٨٠ | ٪٨,٠٣ |
| پارێزگای سلێمانی- ئیدارەی گەرمیان | ٢٦١ | ٪٢٦,٢٠ |
| کۆی گشتیی | ٩٩٦ | ٪١٠٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەست بە:

١. بەڕێوبەرایەتیی ئاماری سلێمانی، بەشی GIS ، زانیاریی بڵاونەکراوە. ٢٠٢٠.

٢. سروة دشتی وهاب، الامکانات الجغرافیة للتنمیة السیاحیة المستدیمة فی محافظة حلبجة، أطروحة دکتورا (غیر منشورة)، جامعه صلاح الدین، کلیه الأداب، اربیل،٢٠٢٠، ص٢٤.

نەخشەی (٢) شوێنی ئەسترۆنۆمی پارێزگای سلێمانی

سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەست بە : ١. بەڕێوبەرایەتیی ئاماری پارێزگای سلێمانی، بەشی GIS، زانیاریی بڵاونەکراوە، ٢٠٢٠.

شوێنی جوگرافیایی پارێزگاکە وایکردووە، ببێتە خاڵی بەستنەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران و هەرێمی کوردستان لەلایەك و کۆماری عێراق لەلایەکی ترەوە، کە پێگەیەکی بازرگانیی و ئابووریی گرنگی هەیە، بەهۆی هەبوونی چەندیین مەرزی نێودەوڵەتیی. لەلایەکی ترەوە، هاتنی گەشتیارانی بەتایبەت ئێرانیی بۆ پارێزگاکە و هەرێمی کوردستان ئاسانترکردووە، جگە لەگەشتیارانی ناوخۆی هەرێم و ناوچەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق، هەروەها فرۆکەخانەی نێودەوڵەتیی سلێمانی، گەیشتنی گەشتیارانی بیانیی و وڵاتانی تری دراوسێی هەرێمی کوردستان و عێراقی ئاسانکردووە، کە دواتر دەخرێتەڕوو. وەك لە نەخشەی(١) دەردەکەوێت، تاڕادەیەك پارێزگاکە ناوەندی گرتووە لە نێوان پارێزگاکانی هەولێر و کەرکووك و هەڵەبجە و ئیدارەی گەرمیان، ئەمەش واتای سەرەڕای رووتێکردنی گەشتیاران بۆ ناوچەی لێکۆڵینەوەکە، وەك ناوچەیەکی گرێش یان(ترانزێت)دەردەکەوێت، کە گەشتیارانی پێدا تێپەڕدەبێت کە سەردانی ناوچەکانی تر دەکەن.

سەبارەت بە دانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوە، دانیشتوانەکەی لە ساڵی ٢٠١٩ گەیشتۆتە (١٩٩٤٥٢٢)کەس، لە رووی کارگێریەوە لە ١٢ قەزا پێکهاتوە و رووبەرەکەی دەگاتە ١٤٠٤٨ کم٢، (ئامار،٢٠١٩) واتە بە رێژەی لە (١٧,٤٨٪)ی کۆی رووبەری هەرێمی کوردستان، کە دەگاتە ٧٨٧٣٦کم٢ (طالب،٢٠٠٥،ص٢٥)، رێژەی لە (٣,٢١٪)ی کۆی رووبەری عێراق پێکهێناوە کە ٤٣٦٤٤٦کم٢. (وزارة التخطیط،٢٠٢٠،ص٥).

خشتەی (٢) ژمارەی دانیشتوان و رووبەری قەزاکانی پارێزگای سلێمانی

| ژمارە | قەزا | رووبەر/کم٢ | ژمارەی دانیشتوان |
|---|---|---|---|
| ١ | ناوەند | ١٤٠٧,٢١ | 990648 |
| ٢ | قەرەداغ | ٧١٧,١٧٨ | 12330 |
| ٣ | چەمچەماڵ | ٣٤٧٢,٨٨ | 189456 |
| ٤ | شارەزوور | ٣٣١,٠٦١ | 78044 |
| ٥ | سید صادق | ٦٩٦,٣١٩ | 97085 |
| ٦ | پێنجوێن | ١١٣٥,٧١ | 51407 |
| ٧ | شارباژێر | ١٢١٠,٥٣ | 23809 |
| ٨ | دوکان | ١٧٨٣,٥٥ | 81797 |
| ٩ | رانیە | ٨٥٣,٧٦٤ | 258782 |
| ١٠ | پشدەر | ١٤٠٨,٨٢ | 144600 |
| ١١ | دەربەندیخان | ٥٦٧ ٥٧٣. | 56169 |
| ١٢ | ماوەت | ٤٦٣,٤٥٢ | 10395 |
| کۆی گشتیی | | ١٤٠٤٨ | 1994522 |

**سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەستە بە:**

١.حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوبەرایەتی ئاماری سلێمانی، راپۆرتی ئاماری دیموگرافیی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە و ئیدارەکان،٢٠١٩.

٢.بەڕێوبەرایەتیی ئاماری سلێمانی، رووبەری یەکە کارگێڕییەکانی پارێزگای سلێمانی، بەشی GIS،٢٠١٩، داتای بڵاونەکراوە.

بە پێی زانیارییەکانی خشتەی (٢) بۆمان دەردەکەوێت کە:

لە رووی رووبەرەوە قەزای چەمچەماڵ گەورەترین رووبەری پارێزگاکەی پێکهێناوە، کە دەگاتە نزیکەی (٣٤٥٤) کم٢، قەزای دوکان بە پلەی دووەم هاتووە کە بە رووبەری(٨٢١٧)کم٢ کە ناوچەیەکی گەشتوگوزارییە و دەکرێت سوودی لێوەربگیرێت، بۆ دامەزراندن و پەرەپێدانی گەشتیارير لە ناوچەکەدا، کە لە ئێستادا پرۆژەی دروستکردنی گەورەترین شاری گەشتیاریی لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و عێراق دانراوە. قەزای ناوەند لە پلەی چوارەم هاتووە بە رووبەری (١٤٠٧)کم٢، کە شاری سلێمانی لەخۆدەگرێت کە سەنتەری کۆبوونەوەی زۆربەی خزمەتگوزارییە گەشتیاریی و خۆشگوزەرانیەکانە، بەو پێیەی کە سەنتەری کارگێڕیی و ئابووریی و بازرگانیی و سیاسییە، جگە لەوەی بە پایتەختی رۆشنبیریی لە هەرێمی کوردستان ناسێنراوە. هەریەك لە قەزاکانی شارەزوور و ماوەت لە پلەکانی کۆتاییدان، بە رووبەری (٣٣١)کم٢ و (٤٦٣)کم٢ یەك بە دوای یەکدا.

سەبارەت بە دانیشتوان، قەزای ناوەند پلەی یەکەمی گرتووە بە (٩٩٠٦٤٨)کەس و بە رێژەی لە (٤٩,٦٦٪)

ی کۆی دانیشتوانی پێکهێناوە، قەزای رانیەش پلەی دووەم هاتووە بە (٢٥٨٧٨٢) کەس، هەریەك لە قەزاکانی ماوەت و قەرەداغ پلەی کۆتایی ڕیزبەندییەکەیان گرتووە بە (١٠٣٩٥)و(١٢٣٣٠) یەك بە دوای یەکدا.

بە پێی داتاکانی خشتەکە ناوچەی لێکۆڵینەوە لە رووی رووبەر و ژمارەی دانیشتوانەوە، دەکرێت سوودی لێوەربگیرێت، بۆ پەرەپێدان و گەشەپێدانی گەشتوگوزار لە ناوچە جیاوازەکاندا و بوونی هێزی کاری پێویست بۆ ناوچە و خزمەتگوزارییە گەشتوگوزارییەکان.

## تەوەرەی دووەم: ئاماژەکانی جووڵەی گەشتیاریی لە ناوچەی لێکۆڵینەوە:

بەشێوەیەکی گشتیی، لە هەر وڵات و هەرێم و ناوچەیەك خستنەڕووی گەشتیار هەبێت و وەڵامدەرەوەی خواستەکانی بێت، گەشتیار سەردانی دەکات، ئەم جووڵەیەش پەیوەستە بە بوونی خزمەتگوزاریی گەشتیاریی کە فاکتەری کاریگەر وبنەڕەتیی بۆ راکێشانی گەشتیار و، بنەمای سەرەکیی پێشکەشکردن و خستنەڕووی گەشتیاریی هەژمارئەکرێت، خزمەتگوزاریی گەشتیاریی سەرجەمی ئەو پێداویستیانەیە کە گەشتیارێك بەدرێژایی گەشتەکەی پێویستی پێیانئەبێت و کارئاسانیی تەواو ئەکەن، بۆ ئەوەی گەشتیار بە ئاسانیی و ئاسودەیی کاتەکانی بەسەربەرێت. کەواتە؛ دەتوانین بڵێین خزمەتگوزاریی گەشتیاریی سەرجەمی ئەو بەرهەم و کاروچالاکیی وخزمەتگوزاریی و کارئاسانییە جۆراوجۆرانەن کە گەشتیار پێویستی پێیانە، بۆ ئەنجامدانی گەشتێکی ئاسوودە بە درێژایی گەشتەکەی و مانەوەی لەشوێنی خستنەڕووی گەشتیاریی، هەندێ لەو خزمەتگوزاریانە ماددیین و هەندێکی دیکەیان بەرجەستەنابن واتە مەعنەویین(السیسی، ٢٠٠١، ١٥٦_١٥٨).

ناوچەی لێکۆڵینەوە، ساڵانە ژمارەیەکی بەرچاو لە گەشتیارەکانی لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و عێراق و نێودەوڵەتیی سەردانی دەکەن، لەگەڵ ئەوەی ژمارە و رێژە و ئاماژەکانی جووڵەی گەشتیاریی بەردەوام لە گۆڕانکارییدا بووە، چ بە شێوەی پۆزەتیڤ یان نەگەتیڤ بووبێت، کە بارودۆخی سیاسیی و ئاسایشیی و ئابووریی لە پێشەوەی ئەو هۆکارانە بوون، کە کاریگەرییان لەسەر جووڵەی گەشتیاریی و وەبەرهێنان کردووە.

لێرەدا، هەوڵدەدرێت ئەو بابەتانەی پەیوەستە بە ئاماژەکانی جووڵەی گەشتیاریی بخرێنەڕوو :-

یەکەم: ئاماژەی ژمارەی گەشتیاران

لە ساڵی ٢٠٠٧دا، دەستکرا بە تۆمارکردنی ژمارەی گەشتیارانی هاتوو بۆ ناوچەی لێکۆڵینەوە و هەرێمی کوردستان، بە هەنگاوی راستەقینەی گرنگییدان و پێشکەوتنی گەشتوگوزاریی دادەنرێت، لە ناوچەکە.

لەساڵی ٢٠٠٧ ژمارەی گەشتیاران لەناوچەی لێکۆڵینەوە گەیشتە (٧٧٩٣٣) گەشتیار، لە ساڵانی دواتر ئەم ژمارەییە بەردەوامبووە، لە بەرزبوونەوەدا بە پێی بارودۆخی ئابووریی و سیاسیی و

خشتەی (٣) ژمارەی گەشتیاران و گەشەی ساڵانە لە پارێزگای سلێمانی دا
لە نێوان ساڵانی (٢٠٠٧-٢٠١٩)

| ساڵەکان | ژمارەی گەشتیاران | ڕێژەی گەشە٪ |
|---|---|---|
| ٢٠٠٧ | ٧٧٩٣٣ | |
| ٢٠٠٨ | ١١٩٤١٦ | 53.22 |
| ٢٠٠٩ | ١٣١٩٣٢ | 10.48 |
| ٢٠١٠ | ٢٢٩٦٦٣ | 74.07 |
| ٢٠١١ | ٣١٤٩٧٤ | 37.14 |
| ٢٠١٢ | ٣٧٤٢٧٦ | 18.82 |
| ٢٠١٣ | ٤٤٤٨٠٧ | 18.84 |
| ٢٠١٤ | ٣٣٣٤٧٨ | -25.02 |
| ٢٠١٥ | ١٤٦٤٩٨ | -56.07 |
| ٢٠١٦ | ٧٢٨٨٢٣ | 397.49 |
| ٢٠١٧ | ٧٣٣٣٥٨ | 0.62 |
| ٢٠١٨ | ١٠٠٧٢٩٦ | 37.35 |
| ٢٠١٩ | 13.24<br>1140760 | |

سەرچاوە:کاری توێژەر پشتبەست بە ١.بەڕێوبەرایەتی دەستەی گشتیی گەشتوگوزار، ئاماری گەشتیاریی هەرێمی کوردستان لە ٢٠٠٧-٢٠١٨.

٢.بەڕێوبەرایەتیی دەستەی گشتیی گەشتوگوزار، ئاماری گەشتیاریی هەرێمی کوردستان لە ٢٠١٣-٢٠١٩.

سەربازیی لە هەرێمی کوردستان و عێراق، بە جۆرێك لە ساڵی ٢٠١٩ ژمارەی گەشتیاران گەیشتە(١١٤٠٧٦٠) کەس کە جیاوازی نێوانیان گەیشتۆتە (١٠٦٢٨٢٧) گەشتیار. خشتەی(٣) و شێوەی(١).

ژمارەی گەشتیاران لە ساڵی ٢٠٠٧-٢٠١٣ بەردەوام روو لە هەڵکشاندابووە بە ڕێژەی جیاواز، بەڵام لەساڵانی ٢٠١٤ و ٢٠١٥ ژمارەی گەشتیاران بە ڕێژەی (-٣٣,٣٨٪)و(-١٢٧,٦٣٪) بەدوای یەکدا کەمیکردووە، بەهۆی هاتنی گروپی تیرۆرستیی داعش و داگیرکردنی بەشێکی فراوان لە عێراق بەتایبەتی لە پارێزگاکانی موصل و صلاح الدین و دیالە و بەشێك لە قەزاکانی کەرکووك و شارەکانی تری عێراق و، دواتر هێرشکردنە سەر پارێزگاکانی هەرێم کە راستەوخۆ کاریگەری لەسەر هاتنی گەشتیار و بارودۆخی ئابوورییش هەبووە. لەساڵی ٢٠١٦ لە ئەنجامی کەمبوونەوە و لاوازبوونی داعش، دووبارە ژمارەی گەشتیاران رووی لە بەرزکردنەوە کردووە بە ڕێژەی لە (٣٩٧,٤٩٪).

لەساڵی ٢٠١٧ ژمارەی گەشتیاران دووبارە کەمیکرد، بە هۆی تێکچوونی پەیوەندیی سیاسیی لە نێوان بغداد و هەولێر و ئەنجامدانی ریفراندوم کە بووە هۆی داخستنی فڕۆکەخانەکانی هەولێر و سلێمانی و هێرشکردنی

سوپای عێراق بۆ ناوچە جێناکۆکەکان، کە هێزەکانی پێشمەرگە بۆ پاراستنیان لەوێ جیگیرکرابوون.

شێوەی (١)

ژمارەی گەشتیاران لە پارێزگای سلێمانی دا لە نێوان سالانی ٢٠٠٧-٢٠١٩

**توێژەر: پشتبەست بە خشتەی (٣).**

دووەم: ئاماژەی بەراوردی ژمارەی گەشتیاران لە ناوچەی لێکۆڵینەوە و هەرێمی کوردستان:

پارێزگای سلێمانی لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان رێژە و ژمارەی بەرکەوتن و رووتێکردنی گەشتیاران لە گۆڕانی بەردەوامدابووە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بارودۆخی سیاسیی و ئابووریی و کۆمەڵایەتیی و ئاستی خزمەتگوزاریی پارێزگاکە بە بەراورد لە گەڵ ناوچەکانی تردا، بەتایبەت هەولێری پایتەخت کە پشکی شێری بەرکەوتووە لە رووتێکردنی گەشتیاران، چونکە ناوەندی کارگێڕیی و سیاسیی و ئابووریی هەرێمە، جگەلەوەی لەساڵی ٢٠١٤ بە پایتەختی گەشتیاریی وڵاتانی عەرەبیی دەستنیشانکرا، لەگەڵ هەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە قونسوڵخانە و پرۆژەکانی وەبەرهێنان و زۆریی دامەزراوە خزمەتگوزارییە گەشتیارییەکان، هەروەها هەڵکەوتەی شوێنی جوگرافیایی و نزیکیی لە ناوچەکانی دەرچوونی گەشیاران لەسەر ئاستی عێراق و، هەرێمی کوردستانیش یەکێکی ترە لە هۆکارەکان.خشتەی (٤) وشێوەی (٢).

خشتەی (٤) ژمارە و رێژەی سەدی گەشتیاران لە پارێزگای سلێمانی و هەرێمی کوردستان دا

| ساڵەکان | ژمارەی گەشتیاران لەهەرێمی کوردستان | ژمارەی گەشتیاران لە پارێزگای سلێمانی | ٪ ژمارەی گەشتیان لەپارێزگای سلێمانی |
|---|---|---|---|
| ٢٠٠٧ | ٣٧٧٣٩٧ | ٧٧٩٣٣ | ٢٠,٦٥ |
| ٢٠٠٨ | ٥٥٨٨٦٠ | ١١٩٤١٦ | ٢١,٣٦ |
| ٢٠٠٩ | ٧١٩٣٤٥ | ١٣١٩٣٢ | ١٨,٣٤ |
| ٢٠١٠ | ١٣١٣٨٤١ | ٢٢٩٦٦٣ | ١٧,٤٨ |
| ٢٠١١ | ١٧٠٢٣٩٠ | ٣١٤٩٧٤ | ١٨,٥ |
| ٢٠١٢ | ٢٢١٦٩٩٣ | ٣٧٤٢٧٦ | ١٦,٨٨ |
| ٢٠١٣ | ٢٩٥٢٠٢٧ | ٤٤٤٨٠٧ | ١٥,٠٦ |
| ٢٠١٤ | ١٥٢٩٤٣٤ | ٣٣٣٤٧٨ | ٢١,٨ |
| ٢٠١٥ | ٧٨٢٢٥١ | ١٤٦٤٩٨ | ١٨,٧٢ |
| ٢٠١٦ | ١٦٠٣٤٠٠ | ٧٢٨٨٢٣ | ٤٥,٤٥ |
| ٢٠١٧ | ٢١٠٠٢١٠ | ٧٣٣٣٥٨ | ٣٤,٩١ |
| ٢٠١٨ | ٣٠٥٧٦٤٢ | ١٠٠٧٢٩٦ | ٣٢,٩٤ |
| ٢٠١٩ | ٣٧٨٩٩٨٣ | 1140760 | ٣٠,٠٩ |

سەرچاوە: توێژەر پشتبەست بە:

١. حکومەتــی هەرێمــی کوردســتان، دەســتەی گشــتیی گەشــتوگوزار، ئامــاری گەشــتیاریی هەرێمــی کوردســتان لــە ٢٠٠٧-٢٠١٨.

٢. حکومەتـی هەرێمی کوردسـتان دەسـتەی گشـتیی گەشـتوگوزار، ئامـاری گەشـتیاریی هەرێمـی کوردسـتان لـە ٢٠١٣-٢٠١٩.

لەسـاڵی ٢٠٠٧ پارێـزگای سـلێمانی ڕێـژەی لـە(٢٠,٦٥٪) ی کـۆی ژمـارەی گەشـتیارانی پێکهێنـاوە و، لـە سـاڵی ٢٠١٩ بەرزبۆتـەوە بـۆ (٣٠,٠٩٪) بەهـۆی زۆربوونـی ژمـارەی گەشـتیاران و خزمەتگوزارییـە جۆربەجـۆرەکان، بەتایبەتـی شـوێنەکانی حەوانـەوە، وەك (ئوتێـل گرانـد ملینیـوم و تایتانیـك و هـای کریسـت و ..هتـد)، دروسـتکردنی گەورەتریـن شـاری یاریـی لەسـەر ئاسـتی هەرێمـی کوردسـتان و عێـراق کـە بـە (چاڤـی لانـد) نـاسراوە لەسـەر رووبـەری ٣٨٠ دۆنـم لەبنـاری شـاخی گوێـژە بنیاتـنراوە و لـە ٢٠١٣/٥/١ کراوەتەوە(فاتـح،٢٠٢١، ل٧٤)، لەگـەڵ چەندییـن پـارك و باخچـەی گـەورە و مامناوەنـد لەوانـە هـەواری شـار کـە لەسـەر رووبـەری (٤٠٠٠٠) دۆنمـە (وەزارەتـی شـارەوانیی و گەشـتوگوزار،٢٠١٩)، کردنـەوەی هەردوومۆڵی(ماجدیـی و فاملیـی) و چەندیـن رێسـتۆرانت و کافتریـا و شـوێنی کاتبەسـەربردن و سـینەما و شـانۆ و ئەنجامدانـی ڤیسـتیڤاڵی جـۆراو و جـۆر و، هەبوونـی چەندییـن مۆزەخانـەی جیـاواز وەك مۆزەخانـەی سـلێمانی و ئەمنەسـورەکە و مۆزەخانـەی ئەتنوگرافیـی تایبـەت بـە شـاری سـلێمانی لـە دروسـتبوونیەوە هەتاوەکـو ئێسـتا. لـە پارێزگاکـەدا، چەندییـن ناوچـەی شـوێنەوار و مێژوویـی گرنـگ بوونـی هەیـە، وەك (ئەشـکەوتی هەزارمێـرد و قزقاپـان و چاسـەنە و پالـی گـەورە و...)، جگـە لـە توانسـتە سروشـتییەکانی پارێزگاکـە، کـە خـۆی لـە جیـاوازی بەرزونزمیـی و ئاوهـەوای گونجـا و هەبوونـی رووەکـی سروشـتیی بەتایبەتـی دارسـتانەکان و ئاژەڵـی کێویـی و دەرامەتـی ئـاوی سـەر زەویـی و ژێرزەویـی کـە هـەردوو بەنـداوی دوکان و دەربەندیخـان لەسـەر رووبـاری زێـی بچـووك و سـیروان یـەك بەدوایـەك دروسـتکراوە و، بووەتـە راکێشـانی گەشـتیاران لەسـەر ئاسـتی هەمـوو عێـراق و دەرەوەش.

شێوەی (٢)

ژمارەی گەشتیاران لە پارێزگای سلێمانی و هەرێمی کوردستاندا

**سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەست بە خشتەی (٤)**

بەرزتریـن ڕێـژەی گەشـتیاران کـە رووی لـە ناوچـەی لێکۆڵینەوەکـە کـردووە لـە سـاڵی ٢٠١٦ دا بـووە، کـە گەیشـتۆتە (٤٥,٤٥٪)ی کـۆی گەشـتیاران، بـە هـۆی لاوازبوونـی رێکخـراوی داعـش و نەبوونـی سـنووری هاوبـەش لەگـەڵ ئـەو ناوچانـەی لـە ژێـر دەسـەڵاتی داعـش دا مابـوون لەگـەڵ پارێـزگای سـلێمانی دا بـە پێچەوانـەی هـەردوو پارێـزگای هەولێـر و دهـۆك. لەسـاڵی ٢٠١٩ بەرزتریـن ژمـارەی تۆمارکـردووە کـە گەیشـتووەتە(١١٤٠٧٦٠)ی کـۆی گەشـتیاران، ئەمـەش دەگەڕێتـەوە بـۆ کۆتاییهێنـان و دوورخسـتنەوەی تیرۆریسـتانی داعـش لـە هەرێمـی کوردسـتان بـە گشـتیی و ناوچـەی لێکۆڵینەوەکـە بەتایبەتیـی.

سێیەم: ئاماژەی گەشتیارانی ناوخۆ و دەرەکیی :

ژمـارەی گەشـتیارانی ناوخۆیـی هەرێمـی و رووتێکردنیـان بـۆ ناوچـەی لێکۆڵینەوەکـە بـەردەوام لـە هەڵکشـاندابووە،

بــە جۆرێك:

لـە سـاڵی ٢٠١٣ (٣٧٨٨٢٣) گەشـتیاربووە و لـە سـاڵی ٢٠١٦ گەیشـتۆتە (٥٥٩٨٧٩)، بـەڵام لـە سـاڵی ٢٠١٩ ئـەم ژمارەییـە کەمدەبێتــەوە بــۆ (٢٢٨١٥٢)گەشــتیار بــە رێــژەی (٢٠٪)، لــە کاتێکــدا لەســاڵانی ٢٠١٣ و ٢٠١٦ (٨١,٣٧٪)(٧٥,٧٧٪) یـەك بـەدوای یەکدا، ئەمـەش بـۆ بارودۆخـی سیاسـیی و ئابووریـی و هەبوونـی داعـش دەگەڕێتـەوە، کـە وایکردبـوو گەشــتیارانی ناوخــۆ زۆرتــر بــن بــەراورد بــە گەشــتیارانی دەرەوەی هەرێــم و بیانیــی . خشــتەی (٥) و شــێوەی (٣).

.سـەبارەت بـە گەشـتیارانی دەرەوەی هەرێمـی کوردسـتان کـە لـە پارێزگاکانـی تـری عێراقـەوە روویـان لـە ناوچـەی لێکۆڵینــەوە کــردووە بــەردەوەم لــە زۆربووندابــووە بــە هــۆی ئارامیــی بارودۆخــی سیاســیی و ئاســایش و گەشــەی خزمەتگوزارییــەکان و وەبەرهێنــان لــەم کەرتــە گرنگــە و، جیاوازیــی زۆر لــە بنەمــا سروشــتییەکان و گونجاویــی ئاووهــەوا و لەگــەڵ ناوچەکانــی تــری عێراقــدا، هەروەهــا بەهــاری عەرەبیــی رۆڵــی هەبــووە لــەوەی گەشــتیارانی ناوچەکانــی تــری عێــراق بەتایبــەت ناوەڕاســت و باشــوور لەبــری رووتێکــردن بــۆ وڵاتــی ســووریا، ئاراســتەیان بــۆ هەرێمــی کوردســتان بگــۆڕن. بــە جۆرێــك لــە ســاڵانی ٢٠١٣-٢٠١٩ رێژەیــان لــە (٤,٣٢٪) و (١٩,٤٨٪)(٦١,٩٩٪) بەرزبۆتــەوە.

ساڵی ٢٠١٦ گەشـتیارانی نێودەوڵەتیـی بـە رێژەی لـە (٩٠,٣٩٪) کەمیکـردووە، لـە ٢٠١٩ (٤٨٧,١٤٪) بەرزبۆتەوە بە هۆی باشبوونی بارودۆخـی ئابووریـی و سیاسـیی و ئارامیـی و ئاسـایش و پێشـکەوتنی خزمەتگوزارییـە گەشـتوگوزارییەکان و، ئاسانی گەیشـتن بـە ناوچـەی لێکۆڵینەوەکـە بـە رێگەی وشـکانیی و ئاسـمانیی.

خشتەی (٥) ژمارە و رێژەی سەدی گەشتیارانی هاتوو بۆ پارێزگای سلێمانی لە نێوان ساڵانی (٢٠١٣-٢٠١٩)

| ساڵ | ٢٠١٣ | | |
|---|---|---|---|
| گەشتیاران | ژمارەی گەشیارانی ناوخۆی هەرێم | ژمارەی گەشتیارانی دەرەوەی هەرێم (عراق) | ژمارەی گەشتیارانی نێودەوڵەتیی |
| | ٣٧٨٨٢٣ | ٢٠١٢٣ | ٦٦٥٨٦ |
| رێژەی سەدی٪ | ٨١,٣٧ | ٤,٣٢ | ١٤,٣ |
| ساڵ | ٢٠١٦ | | |
| گەشتیاران | ژمارەی گەشیارانی ناوخۆی هەرێم | ژمارەی گەشتیارانی دەرەوەی هەرێم (عراق) | ژمارەی گەشتیارانی نێودەوڵەتیی |
| | ٥٥٩٨٧٩ | ١٤٣٩٩٤ | ٣٤٩٧٢ |
| رێژەی سەدی٪ | ٧٥,٧٧ | ١٩,٤٨ | ٤,٧٣ |
| ساڵ | ٢٠١٩ | | |
| گەشتیاران٪ | ژمارەی گەشیارانی ناوخۆی هەرێم | ژمارەی گەشتیارانی دەرەوەی هەرێم (عراق) | ژمارەی گەشتیارانی نێودەوڵەتیی |
| | ٢٢٨١٥٢ | ٧٠٧٢٧١ | ٢٠٥٣٣٧ |
| رێژەی سەدی٪ | ٢٠ | ٦١,٩٩ | ١٨ |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەست بە : ١.خشتەی ژمارە (٤).

حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان ، دەسـتەی گشـتیی گەشـتوگوزار، ئامـاری گەشـتیاریی هەرێمـی کوردسـتان لـە ٢٠١٣-٢٠١٩.

شێوەی (٣)

سەرچاوە : کاری توێژەر پشتبەست بە خشتەی(٥)

چوارەم : ئاماژەی شوێنەکانی حەوانەوە (ئوتێل و مۆتێل و کۆمەڵگای گەشتیاریی)

ژمارەی شوێنەکانی حەوانەوە لە پارێزگای سلێمانی بەردەوامبووە لە گەشە بە جۆرێك لە ساڵی ٢٠١٣ گەشتووەتە (١٧٦) و لە ساڵانی ٢٠١٦ و ٢٠١٩ (١٩٤) (٢٤١) شوێنە و ڕێژەی گەشەکردنی ٢٠١٣ بۆ ٢٠١٩ (٣٦,٩٪). ژمارەی قەرەوێلە لە ٢٤٤٧ بۆ ١٣٠١٥ بەرزبۆتەوە، ئەمەش ئاماژەیەکی باشە بۆ توانای لە خۆگرتنی ئەو ژمارەیە لە گەشتیاران لەیەك کاتدا، کە بە ڕێژەی (٤٣١,٨٧٪) بەرزبۆتەوە، ئاماژەیە بۆ دروستکردنی ئوتێلی چەند نهۆمیی و فراوان و ٥ ئەستێرەیە، وەك ئوتێل گراند ملینیوم لە شاری جوان و تایتانیك و های کریست و ثۆرن بابان و رامادا وهتد. خشتەی(٦)و شێوەی (٤).

خشتەی (٦)

ژمارەی شوێنەکانی حەوانەو و ژوور و تەخت لە پارێزگای سلێمانی لە نێوان ساڵانی (٢٠١٣-٢٠١٩)

| ساڵ | ٢٠١٣ | | |
|---|---|---|---|
| شوێنی حەوانەوە | ئوتێل و مۆتێل و گوندی گەشتیاریی | ژوور | تەخت |
| ژمارە | ١٧٦ | ٢٤٤٧ | ٤٨٢٠ |
| | ٢٠١٦ | | |
| شوێنی حەوانەوە | ئوتێل و مۆتێل و گوندی گەشتیاریی | ژوور | تەخت |
| ژمارە | ١٩٤ | ٤٩٢٠ | ٦٢١٣ |
| | ٢٠١٩ | | |
| شوێنی حەوانەوە | ئوتێل و مۆتێل و گوندی گەشتیاریی | ژوور | تەخت |
| ژمارە | ٢٤١ | ٦١٢٨ | ١٣٠١٥ |

سەرچاوە: توێژەر پشتبەست بە: دەستەی گشتیی گەشتوگوزار، ئاماری گەشتیاریی هەرێمی کوردستان لە ٢٠١٣-٢٠١٩.

شێوەی (٤)

ژمارەی شوێنەکانی حەوانەوە و ژوور و تەخت لە پارێزگای سلێمانی لە نێوان ساڵانی ٢٠١٣-٢٠١٩

توێژەر پشتبەست بە خشتەی ژمارە (٦)

پێنجەم: ئاماژەی شەوانی مانەوەی گەشتیار بە پێی ڕەگەز

لەگەڵ زۆربوونی ژمارەی گەشتیاران و پەرەپێدانی ناوچە گەشتوگوزارییەکان و دروستکردنی شوێنی حەوانەوە و ڕێستۆرانت و کافێ و شاری یاریی و مۆڵەکان و، گرنگییدانی زیاتر بە ناوچە گەشتوگوزارییەکان و راکێشانی ڕێگاوبان و ....هتد. ئەو هۆکارانەبوون کە گەشتیاران زۆرتر لە ناوچەی لێکۆڵینەوە بمێننەوە و، کاتەکانی پشوویان بەسەربەرن بەتایبەتی لە وەرزی گەشتیاریی و بۆنە نەتەوایەتیی و چەژنە ئایینیەکان و یادی سەری ساڵ. کە کاریگەریی راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی لەسەر لایەنی ئابووریی هەیە و دەبێتە رەخساندنی هەلی کار و هێنانی سەرمایە بۆ ناوچەی لێکۆڵینەوەکە . خشتەی (٧) و شێوەی(٥).

ئەگەر تێبینی خشتەکە بکەین دەگەینە ئەو راستیەی کە :

١.شەوانی مانەوە گەشتیارای ناوخۆی هەرێم لە ساڵی ٢٠١٣ (٧٥٧٦٤٦) شەو بووە، لە ساڵی ٢٠١٨ دابەزییوە بۆ (٤٤٢٥٠٩) شەوی مانەوە بە ڕێژەی (٤١,٤٣٪)، ئەمەش بۆ قەیرانی دارایی لە هەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە و، جگە لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان کە بەشێکیان لای خزم و کەس وکارییان دەمێننەوە و، یاخود دەگەڕانەوە بۆ ئەو شارانەی کە لێوەی هاتوون.

٢.سەبارەت بە گەشتیارانی دەرەوەی هەرێم (عێراق) لە ساڵی ٢٠١٣ تەنها (٨٠٤٩٢)شەو بووە بە ڕێژەی (٧,٢٨٪) بەرزبۆتەوە بۆ (٥٧٥٩٧٦) لەساڵی ٢٠١٦ و بۆ (٢٨١٤٣٧٩) شەو بۆ ساڵی ٢٠١٨ بە ڕێژەی (٣١,٣٧٪) و (٦٩,٩٪) یەك بەدوای یەکدا، ئاماژەیەکی پۆزەتیڤە بۆ گەشەی گەشتیاریی لە پارێزگاکە؛ ئەمەش بۆ ئەو هۆکارانە دەگەڕێتەوە کە پێشتر باسمانکرد کە جیاوازبووە لە نێوان هەرێم و ناوچەکانی تری عێراقدا.

٣.سەبارەت بە شەوانی مانەوەی گەشتیارانی بیانیی لەساڵی ٢٠١٣ گەیشتۆتە (٢٦٦٣٤٤) شەو، بەڵام لەساڵی ٢٠١٦ ژمارەیان کەم دەکات و دەگاتە (١٣٩٨٨٨) واتە بە ڕێژەی (٤٧,٤٧٪) کەمیکردووە بەهۆی شەڕ و هەبوونی داعش و ناسەقامگیریی لە عێراق بە گشتیی، بەڵام لە ساڵی ٢٠١٨ دووبارە بەرزدەبێتەوە و دەگاتە (٧٦٩٠٨٨) و بە ڕێژەی (١٩,١٪) ی کۆی شەوانی مانەوە. ئەمەش بۆ کۆتاییهاتنی داعش و ئاساییبوونەوەی بارودۆخی ئابووریی و سەرلەنوی بوژاندنەوەی کەرتی گەشتیاریی و رووتێکردنی گەشتیاران لە دەرەوەی عێراق، بەتایبەتی لە وڵاتانی دراوسێی وەک ئێران و وڵاتانی عەرەبیی و ئەوروپایی.

خشتەی (٧)   ژمارەی شەوانی مانەوەی گەشتیاران بۆ پارێزگای سلێمانی لە نێوان ساڵانی   (٢٠١٣-٢٠١٨)

| ساڵ | ٢٠١٣ | | | |
|---|---|---|---|---|
| | ژمارەی شەوانی مانەوەی ناوخۆیی هەرێم | ژمارەی شەوانی مانەوەی دەرەوەی هەرێم (عێراق) | ژمارەی شەوانی مانەوەی دەرەوەی عێراق | کۆی گەشتیاران |
| شەوانی مانەوە | ٧٥٧٦٤٦ | ٨٠٤٩٢ | ٢٦٦٣٤٤ | ١١٠٤٤٨٢ |
| ڕێژەی سەدیی٪ | ٦٨,٥٩ | ٧,٢٨ | ٢٤,١١ | ١٠٠ |
| ساڵ | 2016 | | | |
| | ژمارەی شەوانی مانەوەی ناوخۆیی هەرێم | ژمارەی شەوانی مانەوەی دەرەوەی هەرێم (عێراق) | ژمارەی شەوانی مانەوەی دەرەوەی عێراق | کۆی گەشتیاران |
| شەوانی مانەوە | ١١١٩٧٥٨ | ٥٧٥٩٧٦ | ١٣٩٨٨٨ | ١٨٣٥٦٢٢ |
| ڕێژەی سەدیی٪ | ٦١ | ٣١,٣٧ | ٧,٦٢ | ١٠٠ |
| ساڵ | ٢٠١٨* | | | |
| | ژمارەی شەوانی مانەوەی ناوخۆیی هەرێم | ژمارەی شەوانی مانەوەی دەرەوەی هەرێم (عێراق) | ژمارەی شەوانی مانەوەی دەرەوەی عێراق | کۆی گەشتیاران |
| شەوانی مانەوە | ٤٤٢٥٠٩ | ٢٨١٤٣٧٩ | ٧٦٩٠٨٨ | ٤,٠٢٥,٩٧٦ |
| ڕێژەی سەدیی٪ | ١٠,٩٩ | ٦٩,٩ | ١٩,١ | ٩٩,٩٩ |

سەرچاوە توێژەر پشتبەست بە: حکومەتی هەرێمی کوردستان ، دەستەی گشتیی گەشتوگوزار، ئاماری گەشتیاریی هەرێمی کوردستان، زانیاریی بڵاونەکراوە، ٢٠١٨.

(* ساڵی٢٠١٩ شەوانی مانەوە تۆمار نەکراوە)

شێوەی (٥)

ژمارەی شەوانی مانەوەی گەشتیاران لە پارێزگای سلێمانی لە نێوان ساڵانی ٢٠١٣-٢٠١٩

سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەست بە خشتەی (٧).

تەوەرەی سێیەم: کێشەکانی بەردەم جووڵەی گەشتیاریی لە ناوچەی لێکۆڵینەوە:

کەرتی گەشتیاریی لە هەرێمی کوردستانی عێراق و پارێزگای سلێمانی ڕووبەڕووی چەند کێشەیەك بۆتەوە، لەوانە ئابووریی و سیاسیی و کارگێریی و تاڕادەیەك خزمەتگوزارییەکان بەهۆی زۆربوونی ژمارەی گەشتیاران و خواستی بەردەوام لەسەر خزمەتگوزارییەکان، لە ئاست حەز و ئارەزووی گەشتیاراندا نیە و ...هتد. توێژەر بۆ ئەو مەبەستە فۆرمی ڕاپرسیی ئامادەکردبوو بۆ وەرگرتنی ڕاوبۆچوونی گەشتیاران و، دیاریکردنی ئەو کێشە و گرفتانەی ڕووبەڕوویان دەبێتەوە لەکاتی سەردانییکرنیان بۆ ناوچە جیاوازەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە، کە نزیکەی ٤ مانگی خایاند و بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ئەلەیکترۆنیی ئەنجامدراوە، دوای کۆکردنەوە و جیاکردنەوە ٥٢٥ فۆرم بە تەواوەتیی کاری لەسەرکراوە، دواتر داخڵکراون و پۆلێنکراون، ئەو کێشانەی ڕووبەڕووی گەشتیاران و کەرتی گەشتیاریی

بۆتـەوە، خراونەتـەڕوو بـەم شـێوەیە:

یەکەم:ئاسایشـی و سیاسـی و سـەربازیی: گەشـتوگوزار یەکێکە لەو چالاکییانە کە زۆر هەسـتیارە بەرامبەر بە کێشـە ئاسایشـیی و سیاسـیی و سـەربازییەکان، کـە وادەکات ژمـارەی گەشـتیاران و چالاکیـی و سـەرمایەگوزاریی و پەرەپێدانـی گەشـتیاریی سست ببێـت، یـان تـەواو بوەسـتێت، ئەمـەش راسـتەوخۆ کار لـە ئابووریـی و بڵاوبوونـەوەی بێکاریـی دەکات و ئاسایشـی سیاسـیی و کۆمەڵایەتیـی تێکـدەدات . هەرێمـی کوردسـتان بـە گشـتیی و پارێـزگای سـلێمانی بـە تایبەتیـی، بـە یەکێـك لـە ناوچـە ئارامـەکان دادەنرێـت، لـە رووی ئاسـایش و سـەربازییەوە، بـەڵام لەکاتـی هاتنـی داعـش و داگیرکردنـی بەشـێك لـە پارێزگاکانـی عێـراق و هەرێمـی کوردسـتان، کاریگەریـی نەرێنیـی لەسـەر گەشـتوگوزار کـرد، وەك چـۆن لـە پێشـتر ئاماژەمـان بۆکـرد و، لـە دوای کۆتاییهاتـن و پاشەکشـەیان سـەرلەنوێ گەشـتوگوزار بوژاندنـەوەی بەخۆیـەوە بینـوە، چونکـە تیـرۆر کاریگەریـی خـراپ لەسـەر گەشـتوگوزار هەیـە. (علـی،٣٣٩،٢٠١٨).

گەشـتیاران بـە پێـی فۆرمـی راپرسـیەکە کەمتریـن کێشـەی ئاسایشـیان رووبەڕووبۆتـەوە، ئەویـش لـە خاڵەکانـی پشـکنیین لـە نێـوان هەرێمـی کوردسـتان و ناوچەکانـی تـری عێـراق لـە کاتـی هاتنیانـدا، چونکـە چەندییـن جـار چەکـدار و لایەنگرانـی داعـش بەنـاوی گەشـتیاران دزەیانکردۆتـە نـاو هەرێمـی کوردسـتان و ناوچـەی لێکۆڵینەوەکـە و، لەکاتـی دەسـتگیرکردنیاندا ئاشـکرابووە و لـە ئێسـتادا کارئاسـانیی تـەواو دەکرێـت بـۆ گەشـتیاران لەکاتـی هاتنیـان بـۆ ناوچـەی لێکۆڵینـەوە، بۆیـە تەنهـا لـە (٢,٦٪) ئامـاژەی بـۆ بوونـی کێشـەی ئاسـایش کـردووە. هەروەهـا کێشـە سیاسـییەکانیش بەهەمـان شـێوە کار لـە چالاکیـی و پەیوەندییـەکان دەکات؛ بـۆ نموونـە لـە کاتـی ئەنجامدانـی ریفرانـدۆم لـە هەرێمـی کوردسـتان و تێکچوونـی پەیوەندییـەکان و دواتـر دروسـتبوونی بەریەککەوتنـی سـەربازیی لەگـەڵ ناوەنـد، جارێکـی تـر ژمـارەی گەشـتیاران و وەبەرهێنانـی گەشـتیاریی کەمیکـرد بەتایبـەت سـاڵی ٢٠١٧. خشـتەی(٨)

خشتەی (٨) ژمارەی گەشتیارانی هاتوو و رۆیشتوو لە فڕۆکەخانەی سلێمانی نێو دەوڵەتیی

لە نێوان ساڵانی (٢٠٠٥-٢٠١٩)

| ساڵ | گەشتیاری هاتوو | گەشتیاری رۆیشتوو | کۆی گشتیی |
|---|---|---|---|
| ٢٠٠٥ | 5047 | 10251 | ١٥٢٩٨ |
| ٢٠٠٦ | 48164 | 48326 | ٩٦٤٩٠ |
| ٢٠٠٧ | 61656 | 62394 | ١٢٤٠٥٠ |
| ٢٠٠٨ | 67165 | 73043 | ١٤٠٢٠٨ |
| ٢٠٠٩ | 81655 | 81825 | ١٦٣٤٨٠ |
| ٢٠١٠ | 91988 | 91211 | ١٨٣١٩٩ |
| ٢٠١١ | 121274 | 126878 | ٢٤٨١٥٢ |
| ٢٠١٢ | 148197 | 138449 | ٢٨٦٦٤٦ |
| ٢٠١٣ | 184481 | 188864 | ٣٧٣٣٤٥ |
| ٢٠١٤ | 258029 | 263126 | ٥٢١١٥٥ |
| ٢٠١٥ | 287707 | 286938 | ٥٧٤٦٤٥ |
| ٢٠١٦ | 251343 | 274650 | ٥٢٥٩٩٣ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٢٠١٧ | 225621 | 259535 | ٤٨٥١٥٦ |
| ٢٠١٨ | ١٠٥٩١٩ | ١١٧٤٤٥ | ٣٠٩٨٦٩ |
| ٢٠١٩ | ٢٢٠٥٢٧ | ٢٥٤٣٩٢ | ٤٧٤٩١٩ |
| کۆی گشتیی | ٢٢٠١٤٨٦ | ٢٣٢١١١٩ | ٤٥٢٢٦٠٥ |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەست بە: ١. رەنج طاهر عبدالله و أخرون، دور النقل الجوى فى تنمية النشاط السياحى فى محافظة السليمانية للمدة (٢٠٠٥-٢٠١٨)، المجلة العلمية لجامعة جيهان، المجلد٣-العدد١،حزيران٢٠١٩، ص٢٥٠.

٢ .جمهورية العراق، وزارة التخطيط، الجهاز المركزى الأحصاء، مديرية احصائات النقل و الاتصالات، احصاء النقل الجوى فى القطاع الحكومى و العام لسنة ٢٠١٨، ص٦.

٣. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن، فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی سلێمانی، بەشی پلان و ئامار،٢٠١٩.

جگە لە تۆپباران و ئەنجامدانی کاری ی ناوبەناو لەلایەن وڵاتانی دراوسێ هەرێمی کوردستان بەتایبەتی تورکیا و ئێران، کە بەشێك لەناوچە گەشتوگوزارییەکانیشی گرتۆتەوە. لە دوای ئەنجامدانی ریفراندۆم لە(٢٠١٧/٩/٢٥) گەمارۆی لەسەر هەردوو فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی و هەولێر دانابوو، ئەمەش بووبووە هۆی کەمیی هاتن و رۆیشتنی گەشتیاران لە فڕۆکەخانەکان.

دووەم: قەیرانی دارایی (خراپیی بارودۆخی ئابووریی):هەرێمی کوردستان و پارێزگای سلێمانی رووبەڕوی کێشەی دراییی بووە، کاتێك حکومەتی ناوەندیی بوودجەی لە هەرێمی کوردستان بڕیی، کە کاریگەریی لەسەر وەستان و سستبوونی چەندیین پڕۆژە و وەبەرهێنانی گەشتیاریی کرد، ئەمە لە کاتێکدا قەبارەی وەبەرهێنانی گەشتیاریی لە ساڵی ٢٠٠٧ لە پارێزگای سلێمانی نزیکەی(٤٠٣) ملیۆن دولار بوو، لە نێوان ساڵانی (٢٠٠٨-٢٠١٣) بەردەوامبوو لە بەرزبوونەوەدا بە ئاستی جیاواز، بەڵام لە (٢٠١٤-٢٠١٧) وەبەرهێنانی گەشتیاریی لە هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی بەرچاو کەمی کرد بە رێژەی (-٣٤,٦١٪)، ئەمە لە کاتێکدا لە پارێزگای سلێمانی لە ساڵانی (٢٠١٥) (٢٠١٦) هییچ جۆرە وەبەرهێنانێك لە کەرتی گەشتوگوزار نەبووە. بەهۆی شەڕی داعش و ئەنجامدانی ریفراندۆم و کێشەی ئابووریی لە هەرێمی کوردستان.(احمد و ابراهیم،٢٠٢٠، ١٣٠ - ١٣١). بەڵام دووبارە لەساڵی ٢٠١٦ گەشەی گەشتیاریی دەستی بە بووژاندنەوە کردووە، کە کێشەکان بەرەو کۆتایی دەچوون کە پێشتر ئامارەکانی گەشتیارییمان خستۆتەڕوو.

چوارەم:ساغنەکردنەوەی کێشەی موڵکایەتیی: زەوییەکانی ناوچە گەشتوگوزارییەکان، لەنێوان وەزارەتە پەیوەندییدارەکاندا، کە رێگرە لەبەردەم دانانی ماستەرپلانێکی گشتگیر بۆ دامەزراندن و گەشەپێدانی گەشتوگوزار لەهەر ناوچەیەك، بەپێی تایبەتمەندێتیی و بنەما سروشتیی و مرۆییەکانی و، دروستکردنی چەند هەرێمێکی گەشتیاریی لەسەر ئاستی پارێزگاکە، کە دەبێتە راکێشانی گەشیار و وەبەرهێنەران بۆ ناوچەکە.

پێنجەم:سستیی ڕاگەیاندن و بە بازاڕکردن: ئەمەش یەکێکی ترە لەو کێشانەی کە ڕووبەڕووی جووڵەی گەشتیاریی دەبێتەوە، لە ئەنجامی سستیی و نەبوونی کەناڵی بەهێز بۆ هاندانی گەشتیاران بۆ سەردانییکردنی پارێزگاکە و ناساندنی ناوچە گەشتوگوزارییەکان، کەچەندین جۆری جیاوازی هەیە، دەکرێت لەیەك کاتدا هەموو ڕێگاکان بگیرێتەبەر، ئەوانیش سەرجەم دەستگا و ئامێرەکانی ڕاگەیاندنی بینراو و بیستراو و نوسراو وەك ( ریکلام و رادیو و تەلەفزیۆن و فلیمی دیکۆمینتی و ڕێبەر و برۆوشە و نەخشە و پێشانگا و پۆستکارت و ماڵپەڕەکانی ئینتەرنێت و فەیسبووك و توییتەر و قونسوڵخانەکان و ....هتد). بە پێی فۆرمی ڕاپرسییەکە نزیکەی لە (١٠,٠٥٪) ی گەشتیاران ئاماژەیەیان بۆ ئەم کێشەیە کردوە کە ڕووبەڕوویانبۆتەوە لەکاتی سەردانییکردنیان بۆ ناوچەی لێکۆڵینەوەکە.

شەشەم: کەمیی خزمەتگوزاریی ژێرخانی ئابووریی: ژێرخانی ئابووریی یەکێکە لە کێشە هەرە سەرەکییەکان کە ڕووبەڕووی گەشتیاران دەبێتەوە بە تایبەتی ڕێگاوبان، لەگەڵ ئەوەی پارێزگای سلێمانی چەندیین ڕێگای سەرەکیی و لاوەکیی تیادایە، بەڵام هەڵسەنگاندنی چەندێتیی و چۆنیەتیی و چالاکیی ئەم ڕێگایانە بۆ پەرەپێدان و گەشەکردنی گەشتوگوزار بەم شێوەیەی ئێستا، خزمەتگوزاریی پێویست و تەواو پێشکەش بە کەرتی گەشتیاریی ناکات، چونکە گەشتوگوزار پێویستیی بە ڕێگای چەند ئاراستە و شێوازی هەمەجۆر و پێشکەوتوو و سەلامەت هەیە، بۆ گواستنەوەی گەشتیاران بەئاسانیی و کەمتێچوون. بۆیە بەرزترییین ڕێژەی کێشەکان لای گەشتیاران کە دەگاتە لە (٢٨,٢١٪)، کەمیی خزمەتگوزاریی ژێرخانی ئابووریی پێکیهێناوە.. خشتەی(٩) و شێوەی(٧).

حەوتەم:کەمیی و خراپیی خزمەتگوزاریی گەشتیاریی: لەگەڵ ئەوەی ناوچەی لێکۆڵینەوەوە گۆڕانکاریی زۆری بە خۆیەوە بینیوە لە پێشکەوتنی سەرخانی ئابووریی گەشتیاریی، بەڵام بەشێکی زۆر لەناوچە گەشتوگوزارییەکان کە دەکەونە دەرەوەی شاری سلێمانی، بەدەست کەمیی ئەو خزمەتگوزارییانەوە دەناڵێنێت، بۆیە گەشتیاران کەمتر لەو ناوچانە دەمێننەوە و بۆ کات بەسەربردن و سەردانیکردنی شاری یاریی و پارك و کافتریا و ...هتد دەگەڕێنەوە شاری سلێمانی، جگە لە کەمی کادری گەشتیاریی لەو ناوچانەدا. بۆیە لە (١٧,٤٥)ی گەشتیاران ئاماژەیان بۆ ئەم کێشەیە کردووە.

خشتەی(٩) کێشە و گرفتەکانی بەردەم جوڵەی گەشتیاریی لە پارێزگای سلێمانی

| ژمارە | کێشە و گیروگرفتەکان | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی ٪ |
|---|---|---|---|
| ١ | کەمی خزمەتگوزاریی ژێرخانی ئابووریی(ڕێگاوبان و ئاو و کارەبا وئاوەڕۆ نەخۆشخانە وئاڵوگۆڕی دراو ...هتد) | 202 | ٢٨,٢١ |
| 2 | کەمیی و خراپیی خزمەتگوزاریی گەشتیاریی(شوێنی کات بەسەر بردن و شاری یاریی و ....هتد) | 125 | ١٧,٤٦ |
| 3 | بەرزیی نرخی(شمەک و خزمەتگوزارییەکان) ناوچە گەشتیارییەکان | 97 | ١٣,٥٥ |
| 4 | کەمیی ڕاگەیاندنی گەشتیاریی و نەبوونی زانیاریی | 72 | ١٠,٠٥ |
| 5 | ڕێوشوێنی ئاسایش و ڕێگەپێدان لە خاڵی پشکنیین | ١٩ | ٢,٦٥ |
| 6 | کەمیی هۆکاری گواستنەوە بۆ ناوچە گەشتیارییەکان | ٢٤ | ٣,٣٥ |
| 7 | نەبوونی ڕێبەری گەشتیاریی و ڕێنیشاندەری ناوچە گەشتوگوزارییەکان | ٢٧ | ٣,٧٧ |
| 8 | کەمی ئوتیل و مۆتیلی و شوێنی مانەوە | ٨٠ | ١١,١٨ |
| 9 | رۆشنبیری گەشتیاریی و هەڵسوکەوت لەگەڵ گەشتیاردا | ٧٠ | ٩,٧٨ |
| کۆی گشتیی | | ٧١٦ | ١٠٠ |

سەرچاوە: توێژەر پشتبەست بە فۆرمی ڕاپرسیی.

هەشتەم:بەرزیی نرخی(شمەك و خزمەتگوزارییەکان) ناوچە گەشتوگوزارییەکان: یەکێکی تر لەو کێشانە بەرزیی نرخی ناوچە گەشتوگوزارییەکانە، بە بەراورد بەو خزمەتگوزاریيانەی پێشکەش دەکرێن، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ زۆریی ژمارەی گەشتیاران و کەمی خزمەتگوزارییەکان، بەتایبەتی لە بۆنە و جەژن و پشووەکان کە خواست بە ڕێژەیەکی بەرچاو لەسەر خزمەتگوزاری ناوچە گەشتوگوزارییەکان بەرزدەبێتەوە، کە ڕێژەی لە (٪١٣,٥٤)ی گەشتیاران ئاماژەیان بۆ کردووە.

نۆیەم: کەمیی ئوتێل و شوێنەکانی مانەوە: ژمارەی شوێنەکانی حەوانەوە بەردەوام لە هەڵکشاندابووە و بەردەوامە، بەڵام دابەشبوونی جوگرافیایی ئەم شوێنانە وایکردووە، گەشتیار تووشی گرفت و کێشە ببێتەوە چونکە نزیکەی لە (٪٩٠)ی ئەم خزمەتگوزارییە لە شاری سلێمانی دا کۆبۆتەوە و زوربەی ناوچە گەشتوگوزارییەکان لێی بێبەشن، کە بە ڕێژەی لە (٪١١,١٨)ی گەشتیاران ئاماژەیان پێکردووە.

دەیەم: کەمیی هۆکاری گواستنەوە و ڕێبەری گەشتیاریی بۆ ناوچە گەشتوگوزارییەکان: لەگەڵ ئەوەی بەشێك لە گەشتیاران لە ڕێگەی کۆمپانیاکانەوە سەردانی ناوچەی لێکۆڵینەوەیان کردووە، بەڵام کەمیی و نەبوونی هۆکاری گواستنەوەی پێشکەوتوو و تایبەت بە ناوچە گەشتوگوزارییەکان، گەشتیار ناچاردەبن ئۆتۆمبیلی تایبەت بەکاربهێنن، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی کێشە و ڕووداوی هاتوچۆ و پیسکردنی ژینگەی ناوچە گەشتوگوزارییەکان. بۆیە لە (٪٣,٣٥) ی گەشتیاران ئەو کێشەییان بەهەند وەرگرتووە. جگە لە نەبوونی شارەزاییی

لە ڕێگاوبان و ناوچە گەشتوگوزارییەکان کە بەردەوام گەشتیاران ئەو گرفتەیان هەبووە، لەبەر نەبوون و کەمیی ڕێبەر و ڕێنشاندەری گەشتیاریی بە زمانی جیاواز کە لە (٣,٧٧٪)ی گەشتیاران ئاماژەیان بۆکردووە.

**دەرئەنجام :**

شوێنی جوگرافیایی ناوچەی لێکۆڵینەوەکە، هەتا ڕادەیەك ناوەندیی گرتووە، لە نێوان پارێزگاکانی هەولێر و کەرکووك و هەڵەبجە و ئیدارەی گەرمیان، ئەمەش واتای سەرەڕای رووتێکردنی گەشتیاران وەك ناوچەیەکی گرێ دەردەکەوێت، کە گەشتیارانی پێدا تێدەپەڕێت کە سەردانی ناوچەکانی تر بکەن، جگە لە هەبوونی سنووری نێودەوڵەتیی لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران بە درێژایی(٣٤١)کم.

ئاماژەکانی ژمارەی گەشتیاران لەساڵی ٢٠٠٧ بەردەوام لە هەڵکشاندابووە بە هۆی سەقامگیریی ئابووریی و سیاسیی و ئاسایشیی و سەربازیی و پێشکەوتن و پەرەپێدانی بەردەوامی خزمەتگوزارییە گەشتوگوزارییەکان، بەڵام لە ساڵی ٢٠١٤ بەهۆی سەرهەڵدان و پەلامارەکانی داعش و تێکچوونی پەیوەندییەکان حکومەتی هەرێم و ناوەند، ژمارەی گەشتیاران بە ڕێژەی (٢٥,٠٢-٪) لەساڵی ٢٠١٤ و ڕێژەی (٥٦,٠٧-٪)لە ٢٠١٥ کەمی کردووە.

گەشتیارانی ناوخۆیی هەرێم لەساڵی ٢٠١٦ بەرزترین ڕێژەیان تۆمارکردووە بە ڕێژەی(٧٥,٧٧٪)ی کۆی گەشتیاران، بەهۆی کەمیی گەشتیاران بووە لە دەرەوەی هەرێم و خراپیی بارودۆخی ئاسایش لەناوچەکانی تری عێراق، بەڵام لەدوای لاوازبوونی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش و باشتربوونی پەیوەندییەکانی هەرێم و ناوەند و، کردنەوەی هەردوو فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی (هەولێر و سلێمانی)، لەساڵی ٢٠١٩ ژمارەی گەشتیارانی دەرەوەی هەرێم گەیشتۆتە (٦١,٩٩٪)و گەشتیارانی دەرەوەی عێراق لە (٤,٧٣٪) بەرزبۆتەوە بۆ (١٨٪)ی کۆی گەشتیاران.

ژمارەی شوێنەکانی حەوانەوە لە پارێزگای سلێمانی بەردەوام بووە لە گەشەی بە جۆرێك لە ساڵی ٢٠١٣ گەشتۆتە (١٧٦) و لە ساڵانی ٢٠١٦ و ٢٠١٩ (١٩٤) (٢٤١) شوێنە و، ڕێژەی گەشەکردنی ٢٠١٣ بۆ ٢٠١٩ (٣٦,٩٪).

ژمارەی قەرەوێڵە لە ٢٤٤٧ بۆ ١٣٠١٥ بەرزبۆتەوە ئەمەش ئاماژەیەکی باشە بۆ توانای لەخۆگرتنی ئەو ژمارەیە لە گەشتیاران لەیەك کاتدا، کە بە ڕێژەی (٤٣١,٨٧٪) بەرزبۆتەوە، ئاماژەیە بۆ دروستکردنی ئوتێلی چەند نهۆمیی و فراوان و ٥ ئەستێرەیە، وەك ئوتێل و شوێنەکانی حەوانەوەی جۆراوجۆر،وەك گراند ملینیوم لە شاری جوان و های کریست و تایتانیك و ثۆرن بابان و رامادا و....هتد. .

ناوچەی لێکۆڵینەوە،ڕووبەڕووی کۆمەڵێك کێشەی گشتیی بە کەرتی گەشتوگوزار و وەبەرهێنان دەبێتەوە، کە دواتر ڕەنگدانەوەی لەسەر گەشتیاران و جووڵەی گەشتیار دەبێت، لەوانە کێشەی (ئابووریی و سیاسیی و ئاسایشیی و پەیوەندییەکانی هەرێم و ناوەند و وڵاتانی دراوسێ و کێشەی موڵکایەتیی).

گەشتیاران لەکاتی سەردانییکردن و ئەنجامدانی چالاکییە گەشتوگوزارییەکان، ئاماژەیان بە کۆمەڵێك کێشە و گرفت داوە، بە ڕێژەی جیاواز، بەشێوەیەك کەمیی خزمەتگوزاریی ژێرخانی ئابووریی زۆرتر لە (٢٨٪) و کەمیی خزمەتگوزاریی گەشتیاریی ڕێژەی(١٧,٤٦٪)ی وەگرتووە، کەمترین کێشە کە ئاماژەی بۆ کراوە بەپێی فۆرمی ڕاپرسییەك،ە لایەنی ئاسایشیی بووە بە ڕێژەی لە (٢,٦٥٪)، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هەبوونی سەلامەتیی بۆ گەشتیاران لەهەموو رووەکانەوە و، بەرقەراربوونی ئاسایش لە هەرێمی کوردستان بەگشتیی و پارێزگاکە بە تایبەتیی.

## پێشنیارەکان:

چاککـردن و راکێشـانی رێـگای گواسـتنەوە و بەسـتنەوەی تـەواوی پارێـزگا و قـەزا و ناحیەکانـی بـە تۆڕێـك رێـگای هاتووچـۆی پێشـکەوتوو، بەمەبەسـتی ئاسـانکردنی گەیانـدن و گواسـتنەوەی بـۆ ناوچـە گەشـتوگوزارییەکان و گەڕاندنەوەیـان.

کۆنەکردنـەوەی خزمەتگوزارییـە گەشـتوگوزارییەکان لەیـەك ناوچـەی گەشـتیاریی، وەك شـاری سـلێمانی و دوکان، بەمەبەسـتی درێژکردنـەوەی مـاوەی مانـەوە و ئەنجامدانـی چالاکیـی گەشـتوگوزاریی و بەکارهێنانـی ئـەو خزمەتگوزارییانـە بـۆ پڕکردنـەوەی حـەز و ئـارەزووی گەشـتیاران.

گرنگـی بـە هۆشـیارکردنەوەی گەشـتیاریی هاوڵاتیـان بدرێـت، لـە رێگـەی ناوەندەکانـی خوێنـدن و دەزگای راگەیانـدن و وەزارەتـە پەیوەندیـدارەکان و ...هتـد، لەسـەر گرنگیـی گەشـتوگوزار لـە بـوارە جیاوازەکانـی ئابووریـی و کۆمەڵایەتیـی و سیاسـیی و ژینگەیـی و رۆشـنبیریی و چۆنیەتیـی مامەڵەکـردن لەگـەڵ گەشـتیاراندا.

سـاغکردنەوەی موڵکایەتیـی زەوییەکانـی ناوچـە گەشـتوگوزارییەکان، لەنێـوان وەزارەتـە پەیوەندییدارەکانـدا، کـە رێگـرە لەبـەردەم دانانـی ماسـتەرپلانێکی گشـتگیر، بـۆ دامەزرانـدن و گەشـەپێدانی گەشـتوگوزار لەهـەر ناوچەیـەك بەپێـی تایبەتمەندێتیـی و بنەمـا سروشـتیی و مرۆییەکانـی و، پێکهێنانـی چەنـد هەرێمێکـی گەشـتیاریی لەسـەر ئاسـتی پارێـزگای سـلێمانی.

بەمەبەسـتی بەردەوامیـی هاتـن و زیادکردنـی گەشـتیاران بـۆ پارێزگاکـە، بایـەخ بدرێـت بەهەمـوو جۆرەکانـی گەشـتوگوزار، بـە ئامانجـی سـنووردارکردنی کاریگەریـی کەشـی گەشـتوگوزاریی و نەبەسـتنەوەی بـە وەرزێکـی دیارییکـراو و، سـوودلێوەرگرتنی بنەمـا سروشـتیی ومرۆییەکانـی ناوچەکـە بەدرێژایـی سـاڵ.

باشـترکردن و دامەزراندنـی خزمەتگوزاریـی گەشـتیاریی کـە وەڵامـدەرەوەی حـەز و ئـارەزوو و ئاسـتی ئابووریـی و کۆمەڵایەتیـی گەشـتیاران بێـت، لەگـەڵ هەوڵـدان بـۆ کەمکردنـەوەی نرخـی خزمەتگوزارییـەکان، بـە ئامانجـی راکێشـان و توانـای کێبڕکێکردنـی زۆرتریـن گەشـتیار لەسـەر ئاسـتی ناوخۆیـی و نێودەوڵەتـی.

دەرچوونـی چاپەمەنیـی و گۆڤـار و رێبەری گەشـتیاریی، تایبەت بە ناسـاندنی ناوچە گەشـتوگوزارییەکان و هاوپێچکردنی بـە نەخشـەی جوگرافیایـی و رێـگای گواسـتنەوە و چۆنیەتیـی گەیشـتن بـەم ناوچانـە. جگـە لـە پڕۆپاگەنـدەی بینـراو و بیسـتراو لـە کەناڵەکانـی ناوخـۆ و دەرەکیـی بەمەبەسـتی ریـکلام و راکێشـان و زۆرکردنـی بـازاری گەشـتیاریی.

## التحليـل الجغرافـي لمؤشـرات الحركـة السـياحية ومعوقاتهـا فـى محافظـة السـليمانية خـلال الفتـره ٢٠١٣-٢٠١٩

### الملخص:

يهـدف البحـث الموسـوم بــ (التحليـل الجغـرافي لمـؤشرات الحركـة السـياحية ومعوقاتهـا فـى محافظـة السـليمانية خـلال فـترة٢٠١٢-٢٠١٩)، الـى اظهـار وتحليـل الحركـة السـياحية ومؤشراتهـا علـى مسـتوى محافظـة السـليمانية، مـع ابـراز لأهـم المشـاكل والمعوقـات التـى تواجـه السـياح، ومـن اجـل الوصـول الـى اهـداف البحـث اعتمدنـا المناهـج الوصفـي والتحليـلي و التطبيقـي، مـن خـلال دراسـة البيانـات المتوفـرة للفـترة (٢٠١٣-٢٠١٩) واسـتعانة الباحـث ب ٥٢٥ اسـتمارة

الاستبيان والتى قامت بنشرها بطريقة مباشره و الكترونية و تحليل معلوماتها بشكل جداول واشكال. وتوصل البحث لمجموعة من الاستنتاجات، منها ان اعداد السياح أخذت بالزيادة المستمرة، وذلك بسبب الاحوال السياسية، الاقتصادية والمالية مستقرة، وبالعكس هنالك تغيرات واضحة فى مؤشرات الحركة السياحية واستخدام الخدمات و التسهيلات السياحية، ففي عام ٢٠١٣ اخذت عدد السياح بالزيادة بالنسبة (١٨,٨٢٪)، اما فى سنوات ٢٠١٤-٢٠١٥ أخذت أعداد السياح بلأنخفاض بشكل ملحوظ لتؤلف نسبة (٢٥,٠٢-٪)و(٥٦,٠٧-٪) للسنوات المذكورة على التوالي، نتيجة لظهور هجمات داعش الأرهابية والمشاكل المالية، واخيرا توصل البحث لمجموعة من التوصيات لحل المشاكل و تحسين الحركة السياحية فى المحافظة، والتي بدورها تؤدي الى زيادة أعداد السياح وتحقيق التنمية والتطور للقطاع السياحي فى منطقة الدراسة.

مفتاح الكلمات: الحركة السياحية ، السائح ، المشاكل السياحية، ، الخدمات السياحية، محافظة السليمانية.

## Geographical Analysis of Indicators of Tourism Movement and its Obstacles in Sulaymaniyah Governorate during the Period ٢٠١٩-٢٠١٣

## Abstract:

The main objective of the research entitled (Geographical Analysis of Indicators of Tourism Movement and its Obstacles in Sulaymaniyah Governorate) is to show and analyze the tourism movement and its indicators of Sulaymaniyah Governorate, with highlighting the most problems and obstacles that facing tourists. In order to achieve this objective, the research adopts descriptive-analytical and applied methods, by studying the available data for the period (٢٠١٩-٢٠١٣), and was based on the primary data is collected from ٥٢٥ a questionnaire and discussion with tables and figures. Furthermore, the research reached a set of conclusions, including that the number of tourists continuously increased as a result of political, financial and economic stability, but in another way, there are clear positive changes happened in the indicators of tourism movement, tourism services and tourism facilities, for example in (٢٠١٣) the number of tourists increased by (٪١٨,٨٢), while in the years (٢٠١٥-٢٠١٤), the number of tourists began to decline by (٪5- ٢٥,٠٢-) and (٪٥٦,٠٧) respectively, as a result of the ISIS terrorist attacks and financial crisis. To sum up, a set of necessary recommendations to solve the problems and improve the tourism movement in Governorate, which leads to an increase in the number of tourists as well as achieving development of the tourism sector in the study area.

**Keywords: Tourism movement, tourist, tourism problems, Sulaymaniyah Governorate, tourism services.**

## سەرچاوەکان


کوردییەکان:

أ.نامەی ماستەر و دکتۆرا

١.رشید، شیروان عمر بنەما جوگرافیەکانی پەرەپێدانی گەشتوگوزار لە پارێزگای سلێمانیدا، تێزی دکتورا(بڵاونەکراوە)، زانکۆی سلێمانی، کۆلیجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەشی جوگرافیا، ٢٠١١.

٢.فاتح، گەشاو فاضل، دابەشبوونی خزمەتگوزارییە گەشتیاریی و خۆشگوزەرانییەکان لەشاری سلێمانی بەبەکارهێنانی(GIS)، نامەی ماستەر(بڵاونەکراوە)، زانکۆی سلێمانی، کولیجی زانستەمرۆڤایەتییەکان، بەشی جوگرافیا، ٢٠٢١.

ب. سەرچاوە حکومییەکان

١.حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن، فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی، بەشی پلان و ئامار،٢٠١٩.

٢.حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوبەرایەتی ئاماری سلێمانی، بەشی GIS ، زانیاری بڵاونەکراوە. ٢٠٢٠.

٣.حکومەتی هەرێمی کوردستان، دەستەی گشتی گەشتوگوزار، ئاماری گەشتیاری هەرێمی کوردستان لە ٢٠٠٧-٢٠١٨.

٤.حکومەتی هەرێمی کوردستان،دەستەی گشتی گەشتوگوزار، ئاماری گەشتیاری هەرێمی کوردستان لە ٢٠١٣-٢٠١٩.

٥.حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوبەرایەتی ئاماری سلێمانی، ئەنجامی ژمارە لێدان و گەمارۆ(حصر وترقیم)ی

پارێزگای سلێمانی بە پێی قەزا و ناحیە و شارەوانی، ساڵی ٢٠٠٩.

٦.حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوبەرایەتی ئاماری سلێمانی، ڕووبەری یەکە کارگێڕییەکانی پارێزگای سلێمانی،

بەشی GIS،٢٠١٩، داتای بڵاونەکراوە

٧.حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوبەرایەتی ئاماری سلێمانی، ڕاپۆرتی ئاماری دیموگرافی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە و ئیدارەکان،٢٠١٩.

سەرچاوە عەرەبیەکان:

کتێب

١. طالب، جزا توفيق ، المقومات الجيوبولتيكية للامن القومي في اقليم كردستان، مركز الدراسات الاستراتيجية،السليمانية، ٢٠٠٥..

٢. السيسي، ماهرعبدالخالق، مبادىء السياحة، الطبعة الأولى، مجموعة النيل العربية للنشر، القاهرة، مصر، ٢٠٠١.

ب. نامە و تێزە زانستیەکان

١. علاءالدين، عطا محمد، التحليل الجغرافى لواقع و استخدام الموارد المائية فى محافظة السليمانية و افاقيها

المستقبلية، اطروحة دكتورا(غير منشورة)، جامعة السليمانية، كلية العلوم الانسانية، قسم جغرافية،٢٠١٢.

٢. وهاب، سروة دشتى، الامكانات الجغرافية للتنمية السياحية المستديمة فى محافظة حلبجة،أطروحة دكتورا(غير منشورة)، جامعه صلاح الدين، كليه الأداب، اربيل،٢٠٢٠.

ج. گۆڤاره زانستیەکان:

١. على، خالد ولى ، أثر الارهاب على قطاع السياحى(أقليم كردستان العراق أنموذجا)، مجلة جامعة كرميان، المجلد ٥، عدد ١، شهر أيار٢٠١٨.

٢. عبدالله، رەنج طاهر و أخرون، دور النقل الجوى فى تنمية النشاط السياحى فى محافظة السليمانية للمدة (٢٠٠٥-٢٠١٨)، المجلة العلمية لجامعة جيهان، المجلد٣-العدد١،حزيران٢٠١٩.

٣. يونس على احمد و لاڤه اراس ابراهيم، تأثيرالازمة المالية على نشاط السياحى-اقليم كوردستان العراق كحالة الدراسة، المجلة العلمية لجامعة جيهان-السليمانية، المجلد(٤)-العدد(١)،حزيران٢٠٢٠.

د.سەرچاوە حكوميەكان

١.جمهورية العراق، وزارة التخطيط، الجهاز المركزى الأحصاء، مديرية احصائات النقل و الاتصالات، احصاء النقل الجوى فى القطاع الحكومى و العام لسنة ٢٠١٨.

٢. جمهوريه العراق، وزارة التخطيط, الجهاز المركزي للأحصاء ,الأحصاء السنوي , لسنة ٢٠٢٠.